# جەنگ لە غەززە و جموجۆڵ لە بەغدا؛ سیناریۆکانی پەرەسەندن و لێکەوتەکانی

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

بەرەبەیانی 7ی ئۆکتۆبەری 2023، بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی کە هاوپەیمانی "کۆماری ئیسلامی ئێرانە" و بەشێکە لە "بەرەی موقاوەمە"، هەڵمەتێکی سەربازیی بۆ سەر قووڵاییی ئۆردوگاکانی ئیسرائیل ئەنجام دا لە ڕێگەی وشکانی و دەریا و ئاسمانی و، ناوی نا "تۆفانی ئەقسا"؛ لە دوای ئەوەیش ئیسرائیل جەنگێکی بێوادەی بۆ تۆڵەکردنەوە دەست پێ کردووە کە جگە لە ئەمریکا، بریتانیا و زۆر لە وڵاتانی ئەورووپی هەموو پاڵپشتییەکی لێ دەکەن. لێکەوتەکانی ئەم گرژی و پێکدادانە خوێناوییە تەنیا لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاستدا نەوەستاوە و جیهان و ناوچەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و هاوکێشەیەکی نوێی لە زۆر وڵات دروست کردووە، کە یەکێك لەوانە عێراقە. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر کاریگەرییەکانی ئەگەری پەرەسەندنی جەنگەکە لەسەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان.

**پێگەی حەماس لە هاوکێشەی بەرەی ئاشتەوایی و بەرەی موقاوەمە**

حەماس کە کورتکراوەی "حركة المقاومة الإسلامية"یە، بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە کە لە قۆزاخەی کۆمەڵی "ئیخوان موسلیمین"ی سوننە هاتووەتە دەرەوە لە 1987 لە فەڵەستین و، لەوێ وەك بزووتنەوەیەکی سیاسیی خاوەن باڵی چەکداری، دامەزراوە؛ لە هەمان کاتدا لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی و کۆمەك دەکرێت[1]. بەرژەوەندیی هاوبەشی حەماس و ئێران لەوەدایە بزووتنەوەکە دژی ڕێککەوتننامەکانی 1993ی نێوان ئیسرائیل و "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین"ە کە "یاسر عەرەفات" سەرۆکایەتیی دەکرد و ئەمەیش وای کردووە لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژاوا ڕووبەڕوو ببێتەوە و لە گوتاری فەرمیی خۆیدا گفتی ئەوە دەدات "ئیسرائیل لەناو ببات و لە جێگەیدا دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکات لەسەر ئەو خاکەی لە 1967، بوو بە بەشێك لە ئیسرائیل."[2]

بەم دواییانە کە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت ئیمارات و سعوودیا هەنگاویان بەرەو ئیسرائیل ناوە، بەرەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل لە ناوچەکە لە جموجۆڵدا بوون؛ ئەمەیش بۆ ئێران کە لەژێر گەمارۆ و هەڕەشەی ئەمریکا و ئیسرائیلدایە، پێشهاتێکی نەرێنی و مەترسییەکی گەورەیە و ئێستا کە حەماس لە کەڤەری غەززە جەنگی بەرپا کردووە، عەرەبستانی سعوودی کە جەمسەرێکی گەورەی سوننی و عەرەبی ناوچەکەیە، ناچار بووە پلانەکانی بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی ڕابگرێت و زیاتر لەگەڵ ئێران هەماهەنگی بکات[3] کە ئەمەیش بەشێکە لە ئامانجەکانی ئێران لە پشتیوانیکردنی باڵە عەرەبی و سوننییە نەیارەکانی ئیسرائیل بۆ ئەوەی بەئاشتەوایی عەرەب و ئیسرائیل نەکەوێتە پەراوێز و لە ناوچەکە بەتەنیا نەمێنێتەوە.

**کاردانەوەی سیستانی و سەدر لەگەڵ پێشهاتەکانی غەززە**

لە پاش هێرشە تۆڵەئامێزەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و گەرمبوونی جەنگەکە، نووسینگەی مەرجەعی باڵای شیعە، ئایەتوڵڵا سیستانی، بەبێ ناوبردنی حەماس زیاتر باسی لە مەرگەسات و خەم و ژانی فەڵەستین و خەڵکی غەززە کردووە لە سایەی هێرشەکانی ئیسرائیل؛ هەروەها بانگەوازی کرد بۆ ڕاگرتنی ئیسرائیل[4]، بەبێ ئەوەی بچێتە هیچ وردەکارییەك یان هاندانی بەشداریی عێراقییەکان لەو جەنگە. ئەمەیش بەشێکە لە سروشتی پارێزگارانەی مەرجەعییەتی نەجەف لە ئاست جەنگ و سیاسەت، هەروەها بەجێهێنانی ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقیی باوی مێژوویی نەجەفە لە ئاست مەسەلەی فەڵەستین، بەبێ چوونە ناو ئاڵۆزییەکانی هاوکێشەی دۆخی فەڵەستینی و عەرەبی و هەرێمایەتی. هەر لە نەجەفی مەڵبەندی مەرجەعییەت و پایەختی ئایینیی شیعە، موقتەدا سەدر لایەنگران و شوێنکەوتەکانی خۆی ڕاسپارد بۆ "خۆپیشاندانێکی ملیۆنی" لە بەغدا بۆ "بەرزکردنەوەی دەنگی جیهاد"؛ داوای ئەوەیشی لێ کردن ئاڵای ئیسرائیل بسووتێنن و ئاڵای فەڵەستین بەرز بکەنەوە[5]. لەسەر بنەمایەی ئەمەیش سەدرییەکان خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە بەغدای پایەتەخت ساز کرد[6]، کە دەگوترێت لە ئێرانیش هاوشێوەی نەبووە! بەڵام ئەم هەنگاوەی سەدر جگە لە هێرش بۆ سەر ئەمریکا و ئیسرائیل و پشتیوانیی فەڵەستین بە گوتار، هیچ هەنگاوێکی کردەیی ئەوتۆی لەخۆ نەگرتبوو، کە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی عێراق یان ڕەوشی ناوچەکە دروست بکات. جگە لەمەیش، زۆر دەگوترێت سەدر ئەم دەرفەتانە دەقۆزێتەوە بۆ دەرکەوتنەوە و پیشاندانی هێزی جەماوەریی خۆی بەرامبەر ڕکابەرە شیعەکانی کە بەهۆی ئەوەی ئێستا لە دەسەڵاتدان، ناتوانن وەك ئەو بەئاشکرا لەسەر پشتیوانییە بێسنوورەکانی بۆ ئیسرائیل، دژایەتیی ئەمریکا بکەن.

**ئاڵۆزییەکانی هەڵوێستی چوارچێوەی شیعە لەبارەی فەڵەستین**

چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، بنکەی سیاسی و پەرلەمانیی کابینەی ئێستای "محەمەد شیاع سوودانی"یە. لە جەنگی حەماس و ئیسرائیل ئەم بەرە سیاسییە کەوتووەتە ناو ئاڵۆزییەکی توندەوە؛ لە لایەك باڵە چەکدارییەکانی، بەشێکن لە بەرە ئێرانییە بەرفراوانەکەی کە ئێستا پشتیوانی حەماسە و حاڵیان حاڵی حزبوڵڵا و کۆمەڵی "ئەنساروڵڵا"ی حووسییە، لە لاکەی تر بەرژەوەندی و ئاییندەی کابینەی سوودانی، کە هی ئەوانە، مەحکوومە بە کاردانەوە و هەڵوێستی ئەمریکاوە کە لە هەندێك جومگەی عێراقدا شەریك و بەشدارە.

ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئێران، کە مەرجەعی سیاسی و فیقهیی هەندێك لە گرووپەکانی چوارچێوەی شیعیی عێراقییە، پێداگرە لەسەر ئەوەی ئەگەر هێرشەکانی ئیسرائیل بەردەوام بن، ئەوە "کەس ناتوانێت هێزەکانی موقاوەمە ڕاگرێت"[7]؛ ئەمەیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشێك لە چوارچێوەی شیعیی عێراقی دەگرێتەوە. ئەم پەرۆشییەی ئێران و ئەو جموجۆڵانەیشی لە ڕێگەی حزبوڵڵاوە دەیکات، بەشێکی بۆ ڕێگەگرتنە لە شکست و تێکشکانی حەماس کە هەواڵ و پێشینەیەکی خراپە بۆ هاوتا شیعییەکەی، کە حزبوڵڵای لوبنانە و، لە کۆتاییشدا شکستە بۆ کۆی بەرەکە کە سنووری چالاکییەکانی لە تارانەوە تا یەمەن تا دەریای ناوەڕاستە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەیشی بەردەستن، فەرماندەی هەندێك گرووپی عێراقیی شوێنکەوتەی ئێران، چوون بۆ بنکەکانیان لە سووریا و لوبنان بۆ هەماهەنگی لەگەڵ گرووپە شیعەکانی تر و ئامادەکاری بۆ سیناریۆی گۆڕانی جەنگەکە بۆ پێکدادانێکی هەرێمایەتی. تەنانەت زانیاریی ئەوەیش هەیە، گرووپی حەشدی شەعبی چووبنە لوبنان و لەگەڵ حووسییەکان لە بنکەکانی حزبوڵڵا بن[8]. زانیاریی ئەوەیش هەیە، بە سەرپەرشتیی

سوپای پاسداران کۆبوونەوەیەك لە بەغدا لەگەڵ گرووپە شیعە وەلائییەکان کراوە کە مالیکی ئامادەی بووە و تێیدا داوا کراوە لیستی خۆبەخشەکان ئامادە بکەن بۆ بەشداری لە جەنگی گریمانکراوی داهاتوو[9]. هەندێ زانیاریی تریش باس لەوە دەکەن، چەند چەکدارێکی گرووپە عێراقییەکان لە پێکدادانە سنووردارەکانی نێوان حزبوڵڵا و سوپای ئیسرائیل، کە بەشێکن لە لێکەوتەکانی جەنگی غەززە، بەرکەوتوون، کوژراو و برینداریان هەبووە[10]. هەندێك فەرماندەی عێراقییش ئەوەیان درکاندووە کە گرووپە ئێرانییەکانی عێراق و سووریا و لوبنان ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان لەگەڵ حەماس پێك هێناوە بۆ ئامادەکاریی جەنگ و پێشهاتەکان؛ ئەوەیشی سەرپەرشتیی ئەو ژوورە دەکات، ئەفسەرانی ئێرانین. ئەرکی ژوورەکەیش ئامادەکارییە بۆ سیناریۆکانی داهاتوو لەگەڵ چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری لەشکرکێشیی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە[11]. هەموو ئەمانەیش لە کاتێکدایە وڵاتانی کەنداو و کۆشکی سپی و سەرۆکی ئەمریکا، جۆ بایدن، لە خەتن لەگەڵ حکوومەتی سوودانی بۆ ئەوەی هۆشداری بدەن عێراق خۆی لە تێوەگلان لە گرژییە خوێناوییەکانی غەززە بەدوور بگرێت[12]. زانیاریی ئەوەیش هەیە، بایدن لەسەر بنەمای زانیاریی پێشوەختە لەسەر هەندێك جموجۆڵ، هۆشداریی داوەتە سوودانی، عێراق نەچێتە جەنگەکەوە[13].

### نەخشەی باڵە ئێرانییەکانی ناو چوارچێوەی شیعی

بەپێی ئەو لێدوان و جموجۆڵانەی کە تا ئێستا هەن، نەخشەی ئەو گرووپە شیعانەی ئامادەکاری دەکەن بۆ جەنگ و پەڕینەوەی کێشمەکێشە خوێناوییەکە لە فەڵەستینەوە، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

_ بزووتنەوەی عەسائیب بە سەرۆکایەتیی قەیس خەزعەلی، (7ی ئۆکتۆبەری 2023)، ڕای گەیاند کە "ئەماشاکەر نین؛ ئامادەن."[14] جگە لەوەیش قەیس خەزعەلی چالاکییەکی خۆی بڵاو کردووە کە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ "ئیسماعیل هەنییە"ی سەرکردەی حەماس و سەرۆکی ئیدارەی غەززە کردووە (10ی ئۆکتۆبەری 2023) و، "ئامادەکاریی تەواوی گرووپەکانی موقاوەمەی دوویات کردووەتەوە بۆ هەر کارێك داوایان لێ بکرێت"؛ لە بەرامبەریشدا هەنییە "داوای نەفیر عامی کردووە" و سوپاسی هەڵوێستی عێراقی کردووە[15].

_ کەتیبەکانی "سید الشهداء"، لە زاری سەرۆکەکەیەوە (أبو آلاء الولائي) ڕای گەیاند، پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل لە غەززە وا دەکات، بڵاوبوونەوەی هێزەکانی لە ناوچەکە بکاتە ئامانجێکی شەرعیی "بەرەی موقاوەمە"[16]؛ هەروەها لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکەی حەماسیشەوە ئامادەییی خۆی بۆ بەشداری و بەدەمەوەچوون ڕاگەیاند[17].

_ کەتیبەکانی حزبوڵڵا لە بەیاننامەیەکدا وێڕای پیرۆزباییی هێرشەکان لە حەماس (7ی ئۆکتۆبەری 2023)، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو هێرشە ڕێگە خۆش دەکات بۆ "پەرچەکرداری مۆچیارانەی ستراتیژی دژی میحوەری سەهیۆنی_ ئەمریکی"[18].

_ ئەکرەم کەعبی، سەرۆکی بزووتنەوەی نوجەبا، هەڕەشەی ئەوەی کردووە (9ی ئۆکتۆبەری 2023) کە هەر دەستبارێکی ئەمریکی بۆ ئیسرائیل، وەڵامەکەی توند و سەربازی دەبێت؛ چەکی دەستی "گرووپەکانی موقاوەمەیش"درۆن و مووشەکە"[19].

_ هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و کەسایەتیی دیاری چوارچێوەی شیعی، لە گردبوونەوەیەکی عەشایەریدا لە بەغدا (10ی ئۆکتۆبەری 2023) جەختی کردەوە "هەڵوێستمان ڕوونە؛ پێویستە ئەمریکییەکان بەڕوونی تێ بگەن: ئەگەر ئەوان دەستوەردان بکەن، ئێمەیش دەستوەردان دەکەین، ئەگەر ئەمریکا دەستوەردان لەم جەنگەدا بکات، ئەوا هەموو ئامانجەکانی ئەمریکا بە ڕێگەپێدراو دەزانین و درێغی ناکەین لە بەئامانجگرتنیان.[20]

بە سەرنجدان لە باکگراوەندی گرووپە پەرۆشەکانی بەشداری لە گرژییەکانی غەززە، ئەوە دەردەکەوێت دوو لەوانە کە بزووتنەوەی عەسائیب و ڕێکخراوی بەدرن، بەشێکن لە پایە سەرەکییەکانی کابینەی سوودانی، هەروەها هەردووکیان لە ڕێگەی هاوپەیمانیی فەتحەوە بەشدارن لە پەرلەمانی عێراق (31 کورسی)؛ کەتیبەکانی حزبوڵڵاش نوێنەرێکی هەیە لە پەرلەمان (حرکة الحقوق). کەتیبەکانی "سید الشهداء"ش لیوایەکی هەیە لە دەستەی حەشدی شەعبی (لیوای 14) و بارەگای لە سووریا هەیە؛ لە پەرلەمانیش "فالح خەزعەلی" نوێنەرایەتیی دەکات، بەڵام بزووتنەوەی "نوجەبا" بەشێك نییە لە هاوکێشەی حوکمڕانی لە عێراق و، پابەند نییە بە سنوور و بەندوباوەکانی پرۆسەی سیاسیی بەغداوە و، لقێکی ڕاستەوخۆیە لە سوپای پاسدارانی ئێرانی.[21]

### لێکەوتەی پەرەسەندنی جەنگ لەسەر عێراق

هەرچەندە پەرەسەندنی جەنگ لە غەززەوە بۆ لوبنان و سووریا و عێراق، یەکێکە لە ئەگەرە دوورەکان، بەڵام پێشهاتێکی گریمانکراوی ڕێتێچووە ئەگەر هێرش و لەشکرکێشیی زەمینی، شاری غەززە بگرێتەوە؛ هەروەها پێشهاتێکی مەحاڵیش نییە و یەکێکە لەو سیناریۆیانەی لە هەموو لایەکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت و ئەمریکا زۆر هەوڵ دەدات بەری پێ بگرێت. لەم نێوەیشدا وەزیری دەرەوە، ئەنتۆنی بلینکن، لە ماوەی 6 ڕۆژدا 10 وێستگەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر کردووەتەوە.[22] هەرچەندە لەسەر ئاستە ئابوورییەکەی، عێراق پشکێك لە قازانجەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی بەردەکەوێت کە لە پاش هێرشەکەی حەماس بەردەوام لە هەڵکشانە و، قسە هەیە تا 150$ بڕوات بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام ئەگەر گرژییەکان بگاتە گەرووی هورمز لە کەنداو کە تەنگەبەری نێوان ئێران و ئیماراتە، ئەوە هەناردەی نەوتی عێراق گورزی بەردەکەوێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری هەناردەکەی لە ڕێگەی بەسرە و کەنداووەیە.[23] لە ئێستایشدا هەناردەی تورکیای وەستاوە.

لەسەر ئاستە سیاسییەکەیشی لە عێراق پشتیوانیی "بەرگریی فەڵەستینی" بە شێوەی ئاشکرا لەناو شیعە و لە هێزە سیاسییە سوننەکانیشەوە هەیە، بەڵام هێشتا بڕیارێکی فەرمیی یەکلاکەرەوە لەبارەی چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهاتە نییە. بە گوێرەی ئاماژەکانیش هەموو لا چاوەڕێی هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی ئێرانن کە قسەی بەسەر بەرەی باشووری لوبنان و حووسییەکانی یەمەن و جۆلانی سووریاشەوە هەیە. ئەو زانیاریانەیشی دزەیان پێ کراوە، ئاماژە بەوە دەکەن گرووپە عێراقییەکان پەیامێکیان لە سەرجەم جەمسەرەکانی هێزەوە لە ئێران پێ گەیشتووە کە بەشداریی جەنگەکە کاتێك دەبێت لە غەززەوە بپەڕێتەوە، پێکدادانەکەیش تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و حەماس نەبێت. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەمریکییەکان. بۆ ئەم پێشهاتەیش گرووپە شیعە عێراقییەکان ئامادەکارییان کردووە و سەرکردەیەکی چوارچێوەی شیعی وتوویەتی"گرووپەکانی موقاوەمە چەند ئامانجێکی بیانی دەپێکن کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە"[24]، بەبێ ئەوەی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئەو لایەنانە کێن.

شتێکی ڕوونیشە لەم ناوچەیە لە پاش وڵاتانی کەنداو، هەڕەشەکە بەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

هەڕەشەی پەیتا پەیتای شیعەکان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لە کاتێکدایە کە عێراق گیرۆدەی بەندوباوەکانی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکایە لەسەر وەرگرتنەوەی دۆلاری نەوتە فرۆشراوەکەی و، بەم هۆیەیشەوە جیاوازییەکانی نرخی فەرمی و نرخی بازاڕی ڕەش بەردەوام لە هەڵکشانە. ئەمەیش یەکێکە لە مەترسییەکانی سەر هەڵاوسانی نرخ و دروستبوونی ناڕەزاییی جەماوەری و درزێکیشە ئەگەری ئەوەی هەیە ڕکابەر و نەیارانی چوارچێوەی شیعە بیقۆزنەوە، لەوانەیش سەدر؛ ئەمە جگە لەوەی ئێستا بووەتە قەیرانێکی ناوخۆیی ناو لایەنەکانی چوارچێوەی شیعە بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر گۆڕین یان هێشتنەوەی عەلی عەلاقی، پارێزگاری بانکی ناوەندی، کە یەکێك لە کادرە پێشکەوتووەکانی حزبی دەعوە[25].

## پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکە

گەورەترین مەترسی لەسەر هەرێم و هەموو ئەو وڵات و هێزانەی تۆمەتبار دەکرێن بە هەواداری بۆ بەرەی ئەمریکا و ئیسرائیل، باڵە ئێرانییەکانن لە چوارچێوەی "شەڕی بەوەکالەت". لەم نێوەیشدا پەرلەمانتاری ئێرانی، "حسێن جەلالی" وتوویەتی: ناکرێت ئێران ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ئیسرائیل ببێتەوە، بەڵکە هێزەکانی موقاوەمە بەکار دەهێنێت و، ئەمەیش سیاسەتی ئێران بووە لە سەرەتای شۆڕشەوە (1979)."[26] هەرچەندە ئێستا کەمتر لە جاران هەرێمی کوردستان بە پشتیوانیی ئیسرائیل تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام ئەگەر پەرچەکردارەکە سەر بکێشێت بۆ بەئامانجگرتنی بەرژەوەندی و خاڵە ئەمریکییەکان لە سیناریۆی دوورمەودای پەرەسەندنی جەنگدا، ئەوە لە هەرێم گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمریکا و بنکەی سەربازیی هاوپەیمانانیش هەن و سیناریۆکانی مووشەکهاوێشتن و هەناردنی درۆنیش بۆ ئاسمانی هەرێم، هاوشێوەی زستانی پار (2022)، ئەگەرێك و پێشهاتێکی ئامادە و ڕێتێچووە.

چوارچێوەی شیعی لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتیی سوودانی (14ی ئۆکتۆبەری 2023)، داوای درێژەپێدانی خۆپیشاندان و چالاکیە جەماوەری و نیشتمانییەکانی پشتیوانیی مەسەلەی فەڵەستینیان کردووە[27]، پەرلەمانی عێراقش لە دانیشتنێکی تایبەتدا ئیدانەی ئیسرائیلی کردووە و بە "قەوارەی زایۆنی" ناوی بردووە کە مانای دانپێدانەنانە[28]. بەڵام لە هەرێمی کوردستان جگە لە جەختکردنەوەی سەرۆکی هەرێم لەسەر مافی فەڵەستینییەکان لەسەر بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و بێتاقەتی لە گەمارۆدانی غەززە[29]، حکوومەتی هەرێم وەك بەغدا، پێی نەکراوە ئیدانەی ئیسرائیل بکات و بۆ هەڵوێست لەو پرسەیش داوای هەماهەنگی و کۆبوونەوەی گشتیی هێزە عێراقییەکانی کردووە بۆ گەڵاڵەکردنی هەڵوێستێکی هاوبەش[30]. لەسەر ئاستی جەماوەرییش گردبوونەوەیەکی بەرتەسك لە نوێنەرایەتیی فەڵەستین دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بە بەشداریی چەند کەسایەتییەك بەڕێوە چووە، میدیای فەرمیی عێراقیش هەوڵی داوە گەورەی بکات[31]؛ ئەمەیش بۆ ڕێککردنەوەی باڵانس لە ئاست چالاکییە فەرمی و جەماوەرییەکانی بەغدا و باشووری عێراق کە مەرجەعییەت و سەدر و باڵە ئێرانییەکان و تەنانەت هێزە سوننەکانی نزیك لە تورکیاش بەگەرمی پشتیوانی دەکەن و تێیدا بەشدارن[32].

هەرچەندە بەم دواییانە و پاش جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنیی عێراق و ئێران لەبارەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات، هەڕەشە و گوڕەشە بۆ سەر هەرێم لە ئێران و باڵەکانییەوە کەمی کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی نافەرمی لە دیوی ئێرانەوە بەمەترسی پیشاندانی هەرێم هەر وەك خۆیەتی و ئێرانییەکان

پێیان وایە قەوارەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە یاریی زایۆنیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەڵقەیەکە لە بە "بەلقان"کردنی ناوچەکە و "کورد لە عێراق بژاردەیەکی باشن بۆ گۆڕینی سنوورە جیۆسیاسییەکان."[33] ئەمەیش بەو واتایە دێت لە حاڵەتی پەرەسەندنی جەنگ و بەرفراوانبوونی بەرەکان، ئەگەر هەیە هەرێم بەئامانج بگیرێتەوە، بەتایبەت کە گرووپە شیعە و چەکدارەکان ناتوانن یان نایانەوێت بەڕاستی و ڕاستەوخۆ بچنە ناو جەنگەکە و بۆ سپیکردنەوەی گوتاری خۆیان، هەرێمی کوردستان بکەنە پاساو.

**پوختە و پێشنیار**

جەنگی حەماس و ئیسرائیل کە 7ی ئۆکتۆبەر هەڵگیرسا، ئاسایشی هەرێمایەتیی خستووەتە بەر مەترسی و سیناریۆی جۆراوجۆر کە بەهۆی باڵە ئێرانییەکانەوە، عێراق لە چەقەکەیدایە. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەترسییە و پێشهاتەکانیش وردی و دیقەتی زۆر پێویستە، چونکە هەم عێراق و هەم هەرێم لەسەر ئاستی فەرمی لەژێر گوشاری ئەمریکا لە لایەك و کارتێکەرە جۆراوجۆرەکانی ئێرانن لە لایەکی دیکەوە. ئەو دەوڵەتانەی دۆخیان دەربارەی پێشهاتەکان شڵۆقە لە ناوچەکە، تووڕەیی و نارەزاییەکان بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەسپێرن و لەسەر ئاستی فەرمییش خۆپارێزیی زۆر دەکەن لە هەڵبژاردنی دەربڕین و دەلالەتی زاراوە و وشەکان بۆ ئەوەی دووچاری کێشە نەبنەوە.

[1] https://2u.pw/GJuapMz

[2] https://2u.pw/V82j3M0

[3] https://2u.pw/0X5nRGM

[4] https://2u.pw/5k8PhhU

[5] https://2u.pw/cEFttjV

[6] https://2u.pw/6gaU0BG

[7] https://2u.pw/kxtJPuh

[8] https://2u.pw/ThZFS7t

[9] https://2u.pw/dqPrQ9W

[10] https://2u.pw/DjVeddi

[11] https://2u.pw/g5M5Ln4

[12] https://2u.pw/gbaKvHL

[13] https://2u.pw/Tkx6rV3

https://2u.pw/KZVkjy1 [14]

https://2u.pw/lSH7Jrt [15]

https://2u.pw/SPygI4h [16]

https://2u.pw/bxFnnXV [17]

https://2u.pw/Txmo76f [18]

https://2u.pw/1YwxvzH [19]

https://2u.pw/hVgaFiD [20]

https://2u.pw/tPmOS2S [21]

https://2u.pw/0Yfozxi [22]

https://2u.pw/m9OKpkA [23]

https://2u.pw/vPaRsx2 [24]

https://2u.pw/tkRKshK [25]

https://2u.pw/SYCuEX7 [26]

https://2u.pw/LO7IRro [27]

https://2u.pw/IUZtgyY [28]

https://2u.pw/RjuQh63 [29]

https://2u.pw/uO0xPwp [30]

https://alsabaah.iq/85595-.html [31]

https://2u.pw/NaB6qXT [32]

https://2u.pw/P3nOsPU [33]